# ئافرەت لای عەرەبەکان و لەسەردەمی نەفامییدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# المرأة عند العرب في الجاهلية

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئافرەت لای عەرەبەكان و لەسەردەمی نەفامییدا

سوپاس بۆ خوای گە ورە ومیهرەبان، وە درود و صە ڵات وسەلام لـەسەر محمد المصطفی وئـال وبـە یت ویار ویاوە رانـی هە تا هەتایە .

١-ئـافرەتان پێش هاتنی ئیسلام بـە هیچ شێوە یـەك میراتیان نـەدەبرد، بۆیـە یـەكێك لـە دروشمـەكانی سـەردەمی نـەفامی ئـەوە بوو دەیانووت : ئـەو كـەسەی كـە شمشێر هەڵگر و خوودە لـەسەر نـەبێت میرات لـە ئێمـە نابات .

٢-ئـافرەتان هیچ مافێكیان نـە بووە لـەسەر پیاوان، وە تـەڵاق ژمارەیەكی دیاری كراوی نـە بوو، پیاوان دە یانتوانـی بـە ئارەزووی خۆیان ژن بهێنن، واتا ژمارە یەكی دیاری كراوی نەبوو، وە ك ئـە وەی لـە ئیسلام دیار كردووە ، لـە سەردەمی

نەفامیدا پیاوێك ئەگەر بمردایە وزیاتر لە ژنێکی هەبوایە و منالّی تری جگە لەمنالّەکانی ئەم ژنە هەبوایە، ئەوا ئەو ژنەی وەك میراتی بۆ کورە گەورەکەی ژنەکەی تری دە بوون، واتا : وەك سەروەت و سامانەکەی هەژمار دەکرا .

وعن ابن عباس رضي الله عنهما قال: (( كان الرجل إذا مات أبوه، أو حموه، فهو أحق بامرأته إن شاء أمسكها، أو يحبسها حتى تفتدي بصداقها، أو تموت فيذهب بمالها)) واتا : عەبدوڵلّای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ووتویەتی : لەسەردەمی نەفامیدا پیاوێك ئەگەر باوکی یان خەزووری بمردایە، ئەوا ئەو پیاوە لە پێشتر بوو بە باوە ژنەکەی ئەگەر حەزی لێ بوایە و هەڵی بگرتایەتەوە، یان لای خۆی گلی دە دایەوە تا ئەو کاتەی ئەو ژنە مارەییەکەی وەك فدیە دەدا بە بەو کوڕە، یان ئەگەر بمردایە هەر هەموو ماڵی ئەو ژنەی بۆ خۆی هەلدەگرتەوە .

٣-لەسەردەمی نەفامییدا ( عدة ) ی ئافرەت یەك ساڵی تەواو بوو، ژنان ئەگەر پیاوەکانیان بمردایە ئەوا بە خراپترین شێوە تەعزیەیان بۆ دە گرتن، وە ناشیرین ترین جلوبە رگی لە بەر دەکرد، و لە خراپترین ژووردا نیشتە جێ دە کرا، وە هەموو خۆڕازاندنەوە وبۆنێکی خۆشی و پاکوخاوێنیە کی واز لێ دەهێنا، دە ستی بە ر ئاو نە دەکەوت، و نینۆکە کانی و پرچی دەهێشتنەوە و نە یدەقرتاندن، بە هیچ شێوە یەك لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەدا دانەدەنیشت، جا کاتێك ئەو ئەو ساڵەی بەو شێوەیە دەگوزەراند، لەکۆتاییەوە بە ناشیرین ترین شێوە و بۆگەنترین بۆنەوە لە ( عدة ) ـەکەی دەردەچوو .

٤-لەسەردەمی نەفامییدا عەرەبەکان بازرگانی لە ش فرۆشیان بە کەنیزەك وخزمەتکارەکانیانەوە دەکرد، و بە زۆر ناچاریان دەکردن بە داوێن پیسی ( زینا ) ، بۆ ئە وەی لە بەرامبەردا کرێیەکی سوك و رسوایی وە ربگرن، وە ك خوای گە ورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ

تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَ   اةِ الدُّنْيَا ﴾ [ النور: ٣٣ ] واتا : بەزۆر کەنیزەکەکانتان هانمەدەن بۆ داوێن پیسی، لەکاتێکدا ئەوان پاك داوێنیان دە ویست (دەبێت پیاوی ئازاد زیاتر پاکداوێنی مەبەست بێت )، بۆ ئە وەی لە و ڕێگە چەوتەوە ماڵ و سامانی ژیانی دنیا بە دەست بهێنن، جا ئە وەی بەزۆر ئەو گوناهەیان پێ بکات، ئە وە بەڕاستی خوا دوای ئە و زۆر بۆ هێنانە یان لێخۆش بوو میهرەبانەو چاوپۆشیان لێ دەکات .

٥-لەسەردەمی نە فامی و لە ناو عە رەبەکاندا چە ندەها هاوسەرگیری قێزەون باو بوو، کە لەناو زۆر ڕێکی گە لانی ئە و سەردەمەشدا هەبووە، بە داخەوە تا ئێستاش لە زۆرێك لە وولاتانی بێباوەڕ و دوور لە هەموو ڕەوشت و ئاکارێکی بە رز دەبینرێت، وەك :

أ)لەو هاوسەرگیریانەش کۆمەڵێك پیاو دەچوونە لای ئافرەتێك، پاشان ئەگەر مناڵێکیشی ببوایە، ئەوا ئەو ئافرەتە داوێن پیسە

سەرپشك بوو ئە و منالّە بدات بە هەر یە كێك لە و پیاوانە كە پشتر چونەتە لای .

ب )یەكێكی تر لە و هاوسە رگیریانە، ئە وە بوو پیاوێك ئە گەر بیویستایە كوڕێكی ئازا و بە جەرگ و بالاّ بە رز وبە شان وشەوكەتی ببوایە ، ئە وا دە چوو پیاوێكی تری لە و شێوە یە دەهێنا و پێی دەووت كە بچێتە لای ژنەكەی بۆ ئەوەی كوڕێكی لەو صیفەت و شێوە یە ببوایە، كە بە (زواج الاستبضاع ) ناسراو بوو .

ج)هاوسەرگیری كاتی ( زواج المتعة ) كە دواتر شە ریعەتی ئیسلام بڕیاری حە رام بوونی لە سەر دا، بە لاّم تا ئێستاش لای شیعەی ئیمامی هە ر بە هاوسەرگیریەكی دروست دادە نرێت و لەژیانیاندا مومارەسەی دەكەن .

د )هاوسەرگیری ژن بە ژن، ئە ویش بە و شێوە یە بوو، پیاوێك كچەكەی یان خوشكی یان هە ر ئافرە تێكی تر كە لەژێر

دەسەڵاتی ئەودا بووبن، دەیدا بە پیاوێکی تر بەو مەرجەی ئەو پیاوەش کچێکی خۆی یان خوشکێکی یان هە ر ئافرە تێکی تر کە لەژێر دە سەڵاتی ئەودا بێت بیدات بە ئەو، واتا هیچ کام لە و ژنانە مارەییان نەبوو، چوونە لای هەر یە کێك لەو ئافرە تانە مارەی ئەوی تر بوو .

ئەم دوو جۆرە ی کۆتایی، لە سەر ئەو بنەمایە بنیات نراوە، کە ئافرەتان لای عە رەبەکان وە ك هە موو کاڵایە کی تر موڵکی پیاوان بوون، بۆیان هە بووە، بە ئارەزووی خۆیانەوە وەك مەر وماڵات مامەڵەیان پێوە بکەن .

بەداخەوە ئەم دوو جۆرە لە هاوسەرگیری تا ئێستاش لای کۆمەڵێك گە لان هە ر باوە ،وە ك خە جەرەکان، بە ڵام هاوسەرگیری پێشتریش لای قورە یشیەکان هە ر وە ك هاوسەرگیری موسڵمانان بووە ، لە ڕووی داواکردن و مارە یی و گرێبەستیشەوە، جا کاتێك خوای گە ورە پێغەمبەری ( صلی

الله عليه وسلم ) بە پەيامەكەيەوە ڕەوانەكرد، ئاينى پيرۆزى ئيسلامى ئەو هاوسەرگيريەى دان پێدانا، جگە لەوە نەبێت ئەو زوڵم و ستەمەى كە لە ئافرەتان باو بوو لەناوياندا هەڵى گرت، وەك بە زۆر بەشودانيان، يان ڕێگرى كردنيان لە هاوسەرگيرى، يان خواردنى مارە بييەكانيان، و جۆرە ها زوڵم وستە مى تر كە دەكرا لە ئافرەتان .

ئەميرى موسڵمانان عومەرى كوڕى خەتاب ( خواى لێ ڕازى بێت ) فەرموويەتى : «كنا في الجاهلية لا نعُد النساء شيئًا، فلما جاء الإسلام، وذكرهن الله رأينا لهن بذلك علينا حقًا ». [ رواه البخاري ] واتا : لە سەردەمى نە فاميدا ئێمە ئافرەتانمان بە هيچ نە دەزانى و حسابمان بۆ نە دەكردن، جا كاتێك ئاينى ئيسلام هات و خواى گەورە باسى كردن، ئە وجا بە وە زانيمان كە ئافرەتان مافى زۆريان هەيە لەسەرمان .

خواى گەورە پشت و پەناى ەەمووان بێت ..

بۆ زیاتر شارەزا بوون دەتوانیت سەرنجی پەرتووکی ( كتاب المرأة بين تكريم الإسلام وإهانة الجاهلية ) بدەیت .